نەهرۆ کەسنەزانی سەرۆکی تەریقەتی کەسنەزانی ئاشکرای کرد کە لە ڕابردوودا پەرۆشیان هەبووە

سەرۆکی تەریقەتی کەسنەزانی ئاشکرای کرد کە لە ڕابردوودا پەرۆشیان هەبووە، بەڵام بۆ ئەوەی نەبنە فیتنە لە نێوان هیچ لایەنێک هەڵوێستیان گۆڕاوە و لە ئێستادا خۆیان لە هەردوو حزبی دەسەڵاتدار لە هەرێم بە دوور گرتووە.

نەهرۆ کەسنەزانی داوای هاوهەڵوێستی و تەبایی لە نێوان لایەنە سیاسییەکانی هەرێمیش دەکات و دەڵێت: "حزبایەتی ئەوە ناهێنێت سەنگەر لەیەک بگرین و یەکتر بکوژین".

شێخ نەهرۆ کەسنەزانی، سەرۆکی تەریقەتی قادری کەسنەزانی لە لێدوانێکی بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاند، "من ئێستا خۆم لە هەردوولایەنەکە بە دوورگرتووەو لە سەرەتادا هەندێ هەوڵماندا بەڵام نەکرا، ئەمە نە پێویستی سیاسی و نە ماددیی و نە مەعنەویمان هەیە، ئەمە پێویستی مەعنەویمان لای خوای گەورە و حەزرەتی مەحەممەد و عەلی و ئوستازەکانمانەوەیە، بەڵام ئەمە وەک ئەرکی سەرشانمان هەستاین بەو هەنگاوانە".

وتیشی: "تەریقەت هەمیشە پاڵپشتی میللەت بووە پاڵپشتی ئەوانە بووە کە زوڵمیان لێکراوە، ئێستا ئەمە بێینە سەر ئەوەی زوڵم لە ناوماڵی خۆمان بکرێت ئیتر هی ئەوە نییە زیاتر بڕۆین، بۆ ئەوەی نەبینە فیتنە لە نێوان هیچ لایەنێک بۆیە ئێستا ئەمە هەڵوێستێکی ترمان هەیە".